# ڕەگەزەکانی بیری چاکسازی لە نێوان مەلای گەورە و شێخ محەمەدی خاڵدا

د.سعدون حسين أحمد

بەشی خوێندنی ئیسلامی / کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان / زانکۆی سلێمانی

saadoon.mustafa@univsul.edu.iq

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٩/١٥ بەرواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٣/٩

**پوختە:**

هەوڵە بەردەوامەکانی هەردوو زانای گەورەی کورد مەلای گەورەی کۆیە و شێخ محەمەدی خاڵ بۆ پرسی چاکسازی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، باس و خواسی زۆری لێبووەتەوە، ئەو بابەت و پرسانەی ئەوان خەمی ئەوان بووە کاری لەسەر بکەن بەشی خۆیان ئاڵۆزی و گرفتیان هەیە، بابەتەکانی چاکسازی بیری ئاینی و ڕاستکردنەوەی دیدی کۆمەڵایەتی بۆ بابەتی ئافرەت و کێشەی پەروەردە لەو باسانەن کەوا هەردوو زانای بەخۆوە سەرقاڵ کردووە، ئەوان قسەی نوێیان لەو بابەتانە کردووە، هەنگاوی بوێرانەیەن ناوە بە ئاراستەی چاکسازی لەو پرسانەدا، نوسینەکانی ئەوان بەوردی لەسەر بابەتەکان ڕاوەستاون، خوێندنەوەی هەمەلایەنەیان بۆ کێشەکان هەبووە، لە هەمان کاتدا دیدی جیاوازیان پێشکەش کردووە، لای ئەوان پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردیان وابەستەی چاکسازییە لەو پرسانەدا کە قسەیان لەسەر کردووە، بەبێ سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی بابەتانەدا کۆمەڵگەی کوردی ناتوانێت بچێتە قۆناغی پێشکەوتنەوە.

**کلیلە وشە**: (بیری چاکسازی، ڕەگەز، مەلای گەورە، خاڵ)

**پێشەکی**

باس وخواسی چاکسازی لە کۆمەڵگەدا قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێت، لە کۆڵنانی وەها خەمێک حەوسەڵەو تاقەتێکی زۆری دەوێت، بەتایبەت چاکسازی لە کایەی دینداریدا، ئەمە لە هەرکۆمەڵگە و کاتێکدا بێت دەبێ بە وریاییەوە دەستی بۆ ببرێت، چونکە ئاین یەکسانە بە کلتور، گۆڕانی کلتوریش کات و وزە و وریاییەکی زۆری پێویستە، لە ڕابردوودا ئەم پرسە لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر تا کەم دەستی بۆ براوەو خراوەتە بەرباس، هەوڵە زانستییەکانی مەلای گەورە و شێخ محەمەدی خاڵ بەشێکن لەو مێژووە، ئەوان لەسەردەمێکی ئاڵۆزدا سەرقاڵی ئەوە بابەتە بوون، ئەو ڕۆژگارەی ئەوان تێیدا ژیاون بابەتێکی وا دۆستی کەم بووە، بەڵام نایاری یەکجار زۆربوون، کەچی ئەوان دلێرانە شانی خۆیان وەبەر ئەو ئەرکە داو خۆبەخۆ ئەو ڕێگە درێژەیان تەیکرد، بەم هەنگاوە ئەوان بوونە سەرمەشقی ئەو کاروانە بێ کۆتایە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین بەراوردکارییەک لە نێوان هەوڵە چاکسازییەکانی ئەو دوو زانا کوردەوارییەدا بکەین، هەتا بتوانین شتێک لە خەرمانی هەوڵە زانستییەکانی ئەو دوو زانایە بخەینە بەر دەستی خوێنەری کورد.

**-پێکهاتەی توێژینەوە**

باسی یەکەم: چاکسازی لە بیری ئاینیدا.

باسی دووەم: چاکسازی لە کایەی کۆمەڵایەتیدا.

**-کێشەی توێژینەوە**

کێشەی ئەم توێژیەوەیە لەوەدایە ئەو دوو زانایە لە ژێر کاریگەری بزوتنەوەی چاکسازی ئیسلامی ئەو سەردەمە بە ڕێبەرایەتی محەمەد عەبدە و جەمالوددینی ئەفغانی و محەمەد ڕەشید ڕەزادا بۆچونەکانی خۆیان نوسیوەتەوە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن توانیویانە تایبەتمەندییەکی کوردییانە بدەن بەو تێزانەی لە ژێر کاریگەری ئەو قوتابخانەیەدا نوسراوەتەوەک چۆن تێکەڵکێشییان لە نێوان هێڵە گشتییەکانی ئەو قوتابخانەیەو واقعی کۆمەڵگەی کوردیدا کردووە.

**-گرنگیی توێژینەوە**

گرنگی ئەم تویژینەوە لەوەدایە هەتا ئێستەش پرسی چاکسازی ئاینی و کۆمەڵایەتی بابەتێکی گەرم و گرینگی نێو کۆمەڵگەی کوردییە، چاکسازی لە پرسی ئاینیدا هێشتا ئەو کێوەیە زۆربەی زانیان و پسپۆڕانی بواری ئاینی ناتوانن خۆیانی لە قەرە بدەن، لە کاتێکدا لە زۆر پرسی پەیوەست بە دیندارییەوە کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بە گۆڕانکاری بنەڕەتی هەیە، زۆر چەمکی ئاینی هەیە پێەیستە خوێندنەوەی سەردەمییانەی بۆ بکرێت .

**-ئامانجی توێژینەوە**

زیندوکردنەوەی تێزەکانی مەلای گەورەو شێخ محەممەدی خاڵ، پەیبردن بە وردەکاریی بیرکردنەوەی ئەو دوو زانایە، دووبارە وەدەستەوەگرتنی میتۆدی چاکسازی ئەو کەسایەتییانە لە نێوەندە ڕۆشنبیری و کۆڕە زانستییەکاندا، ئاشناکردنی خوێنەرانی کورد بە هەوڵە زانستییەکانی ئەوان ئامانجی ئەم کارەیە.

**-میتۆدی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەدا بە پلەی سەرەکیی، پشت بە میتۆدی بەراوردکاری بەستراوە، لە هەمانکاتدا شیکردنەوە بۆ تێزەکانی ئەو دوو زانایە کراوە، دواتر کاری بەراوردکردنی بۆ ئەنجامدراوە، کەواتە شیکردنەوەو بەراوردکردن کاری ئێمەیە لە ئەم توێژینەوەیەدا.

**١- پرسی چاکسازی لە بیری ئاینیدا**

**١.١ بەگژاچوونەوەی خورافە:**

بەگژداچوونەوەی خورافەو بیری دواکەوتوی ئاینی لەو ڕۆژگارانەدا تاقەت و جورئەتێکی زۆری ویستووەو لە هەمان کاتدا قوربانیشی گەرەکبووە، لەو سەردەمەدا بەهۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگەی کوردی دوچاری گەلێک بیرکردنەوەی داکەوتووانە بووبووەوە، لەو نێوەندەدا بەشێک لەو بیرۆکانە بەرگی ئاینییان وەبەردا کرابوو، هەتا ئاسانتر جێگەیان بێتەوە، ئەمەش دەردەسەرییەکی زۆری بۆ زانایانی وشیاری ئەو ڕۆژگارە سازکردبوو، ئەوانەی مەشخەڵی نوێبوونەوەو چاکسازییان وەدەستەوە گرتبوو ژمارەیان کەم بوو، بەڵام ئەرکەکەیان گەلێک قورس وگرانبوو، بانگەوازی چاکسازی لە پرۆسەی دینداری و بیرکردنەوەی دینیدا لە زۆربەی جوگرافیای ئیسلامیدا سەریهەڵدابوو، کوردستانیش وەدەر نەبوو لە بێداربوونەوەیە، سەرمەشقانی ئەو ڕەوتە لە کوردستان کەم بوون بەڵام خاوەن پێگەی زانستی و کۆمەڵایەتی بەهێز بوون، مامۆستا مەلا محمدی جەلیزادەو شێخ محمدی خاڵ دوو ڕیفۆرمخواز و دنەدەری بیری ئیسلاحخوازی بوون لە ڕۆژگاری خۆیاندا، لەو دەورانەدا دەردەسەری و پەلاری زۆریان ڕووبەڕوو کرایەوە، بەڵام زیرەکانە لەپشت بەربەستەکانەوە توانییان پەیامی خۆیان بگەیەنن و وەدەنگ بێن لە پێناو درووشمی چاکسازی و بەرەوپێشبردنی باری ئاینداری و کۆمەڵایەتی گەلی کورد، ئەڵبەت ئەم ڕەوتی چاکسازییە لە کوردستان دوورنەبوو لە کاریگەرییە دەرەکییەکان بۆ نموونە تێزە ئیسلاحییەکانی محەمەد عەبدەو سەید جەمالوددینی ئەفغانی و محەمەد ڕەشید ڕەزا لەو سەردەمەدا کاریگەری بەرچاویان هەبوو بەسەر دونیابینی ڕیفۆرمیستەکانی کوردەوە، ئەمەش بابەتێکی ئاساییە لە دونیای فیکر و ئەندێشەدا، چوون بانگەوازەکەی محەمەد

sjh@univsul.edu.iq

عەبدەو جەمالودیینی ئەفغانی بەتەواوی جیهانی ئیسلامیدا بڵوبووبوونەوە. بۆیە مەلای گەورە لە هۆنراوەیەکیدا ڕوو لە محمەد عەبدە دەکات و دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **بۆ خاتری خـوا موجەدیـدی ئەلفـی دووەم** | **جارێکی تەماشاکە لە ڕووی لوتف و کەرەم** |
| **لەو ساوە کە تۆ بوی بە موجەدیدی ئومەت** | **بوون بە ئەسیر و ژێر دەستی کـولی ئومەم** |

**(عبدالخالق علاءالدین، مەلای گەورە، ٢٠٠٩، ١٢٠)**

بەهەمان شێوە شێخ محەمەدی خالیش لە ژێر کاریگەرییەکانی قوتابخانەی ئیسلاحی هەوڵی بەگژاچوونەوەی بیری خورافەی داوە لەو دەورانەدا، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێک لە تێزە ئیسڵاحییەکانی مەلای گەورە و شێخ محەمەدی خاڵ بخەینە بەرباس و شرۆڤەی زانستی، هەتا بتوانین بەشێوەیەک تەوزیفی بکەین بۆ ناو کایەی ڕۆشنبیری و ئاینی کوردی، چونکە لەم سەروبەندەدا کایەی دینداری کوردی زیاتر و زیاتر تینوی ئەوجۆرە تێزانەیە و پێویستی هەنوکەیی هەیە بۆ ئەو بیرکردنەوە ئیسڵاحییانە.

**٢.١ڕاستکردنەوەی بیری ئاینی:**

ساغکردنەوەو پاکژکردنەوەی باوەڕداری تاکی کورد یەکێک بووە لەو بابەتانەی هەردوو زانای گەورە مەلا محمەدی جەلیزادەو شێخ محەمەدی خاڵ کاریان لەسەر کردووە و ڕژدبوون لە گەیاندنی پەیامی چاکسازی لەمبارەیەوە،چوون لەو سەردەمەدا بە هۆکاری لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری ئاینی لەکۆمەڵگەی کوردیدا زۆرکات تاکی مسوڵمان بەلارێدا دەچوون، کاتێک تەماشای نوسینەکانی ماەلای گەورە دەکەین دەبینین لازۆرجێگەدا قسەلەسەر ئیمانی لەق و کاڵ و کرچی خەڵکی دەکات، بەهەمان شێوە شێخ محەمەدی خاڵ لە لەتەفسیرەکەیدا لە باسی سورەتی فاتیحەدا دێتە سەر ئەم بابەتەو بەتایبەت لە تەفسیری ئایەتی(إياك نعبد وإياك نستعين) بە وردی لەسەر ئەم بابەتە ڕادەوەستێت، دەڵێت:(ئەم ئایەتە بۆیە بۆمان خراوەتە ناو سورەتی فاتیحەوە تا هەمیشە بەسەر دەممانەوە بێ، بیڵێین و بیڵێینەوە، وشەرمێک لە خوا بکەین، ئەوەندە هاوار لە شێخ و پیر و دار و بەرد گۆڕ و قەبر نەکەین) (شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، ١، ٤٦) لەو ڕۆژگارەدا تەریقەتەکان و پیاوانی تەسەوف چالاک بوون و پێگەی دیاری ئاینی و کۆمەڵایەتییان هەبووە و کاریگەرییان هەبووە لەسەر دینداری خەڵکی ئیتر بەشێوەی ئەرێنی بێت یاخود بە پێچەوانەوە، وەک باسم کرد هەندێک جار بەهۆکاری لاوازی ڕۆشنبیری ئاینییەوە هەندێک بابەت بەهەڵە بڵاوبووەتەوە، ئیتر لادانی ئاینی و فیکری لێهاتووەتە بەرهەم، بەتایبەت بابەتی کەرامات و خەواریق کە لەو ڕۆژگارەدا بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو بووە زۆرێکیشی حیکایەتی بێبنەما بووە، ئیتر کەش وهەوایەکی وای خولقاندووە زانایانی ئاینی هێناوەتە گۆ، لە ڕاستیدا بابەتی کەرامات و قەواریق بابەتگەلێکی نا مەعقولن و لە هەمان کاتدا باسی ڕۆژیش نین بە نیسبەت ڕۆشنبیری ئاینییەوە، بۆیە لەناو کایەی ئیسلامیشدا پانتاییەکی تەسکیان هەیە، کەوابێت بابەتی خەواریق نابێت لە کێشی خۆی زیاتری پێبدرێت، وە نابێ جێگرەوەی بەبەت گەلێکی ئاینی وەک پایەکانی باوەڕبێت، بۆیە بابەتی کەرامات و خەواریق لای مەلا ی گەورە باەتێکی لاوەکییە دەبێ لە سیاقی خۆیدا تەماش بکرێت نەوەک بکرێت باس و خواسی ڕۆژ، وەک لە کتێبەکەیدا بەناوی (الحدس سلم الإرتقاء)دا دەڵێت: (توجه العلماء الكبار إلى عالم الغيب وحصر أنظارهم في الأمور الوهمية، والخيالية وحرمانهم من النظر في الماديات إلا بالنفي خوفا من الكفر والشرك، وفقد الحدس عندهم بالمرة مع أن صراط المستقيم هو التوسط بين الماديات والمعنويات).(جليزادة، الحدس سلم الإرتقاء،٤، مخطوط)، مەلای گەورە لێرەدا ڕەخنە لە زانایانی ئیسلام دەگرێت بەوەی زیاد لەڕادە گرنگیان بە باسە غەیبییەکان داوە بەتایبەت بابەتی کەرامات و خەواریق، بەبێ ئەوەی ئاوڕێک لە جیهانی مادە بدەنەوەو کۆششێک بکەن لە مەیدانی زانستە ئەزمونییەکاندا هەتا بتوانن لەم لایەنەشەوە داهێنان و خزمەت بە گەلەکانی خۆیان بکەن، لێرەدا هەردوو مامۆستا پێداگیری لەسەر بابەتی قەڵاچۆکردنی خورافە دەکەنەوەو بانگەوازی گەڕانەوە بۆ دینداریییەکی عەقڵانی و دوور لە خەیاڵات دەکەنەوە.

sjh@univsul.edu.iq

هەر پەیوەست بەم باسەوە ماستای خاڵ لە تەفسیرەکەیدا بەیتە شێعرێکی موفتی ئەوکاتیٔ عێراق شێخ ئەمجەد زەهاوی نەقڵ دەکات دەڵێت:

**لاتدع في حاجة بازا ولا أسدا**
**الله ربك ولا تشرك به أحـــدا**

**(القرداغي، محمد فيضي الزهاوي، 2004، ص١)**

بۆ هیچ داوایەکت نە پەنا بۆ شێر ببە نە پەنا بۆ باز ببە چونکە چونکە سەچاوەی هەموو زیان و قازانجێک تەنها خودایە. مبەتس لە شێر لەم شیعرەدا ئیمامی عەلییە چونکە شیعە بە شێری خوا ناوی دەبەن، بە هەمان شێوە مەبەس بە وشەی باز شێخ عبدالقادری گەیلانییە کە لە ئەدەبیاتی سۆفیگەریدا بە باز وسفدار کراوە.

مەلای گەورە بەتوندی دژی بەو خورافەگەلەی لەناوی شێخ ئاڵێنراوە دەوەستێتەوە، لە چەندین شوێن لە کتێبەکانیدا هێرشدەکاتە سەر ئەو جۆرە شێخانەی کار لەسەر پەرەپیدانی بیرکردنەوەی خورافییانە دەکەن لە نێو خەڵکیدا، ئەو بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی هەبووە لەگەڵ ئەوجۆرە شێخانە، بۆیە بەشێوازی جیاواز ڕووبەڕووی کارەکانیان دەبێتەوە کە لەو ڕۆژگارەدا خەڵکێکی زۆر گرفتارییان بووە، مامۆستا لە پارچە هۆنراوەیەکدا بەم شێوە باسی ئەو جۆرە شێخانە دەکات و دەڵێت:

**دەڵــێن باران بە ئەمری شێخ دەباری** **بە ئەمری کن "فکان" وەک ئەمری باری**
**خــولاسە کـــافەیی زەڕڕاتی عــالەم** **چ ئەفـــلاک و چ ئەمــلاک و چ نـــجوم**
**بە ئەمری حەزرەتی پیــرە دەوامــی** **حــەیات و مــەوت و تــەرتیب ونیـــزامـی**

**(علاءالدین، ۲۰۰۹، ۱۱۹)**

دواتر لە کۆتایی ئەم شیعرەدا مامۆستای گەورەی کۆیە دەڵێت کەسێک بیروباوەڕی بە دەسەڵات و قودرەتی بێ کۆتای خودا هەبێت چۆن ئەم بیرۆکر پوچانە دەچێتە مێشکییەوە، چۆن دەتوانێت باوەڕ بەخۆی بهێنێت ئەم شتانە ڕاستن، مامۆستا پێی وایە بڵاوبوونەوەی ئەم بیرۆکە هەڵانە هۆکارەکەی دواکەوتوویی ڕۆشنبیری ئاینییە لا نێو کۆمەڵگەدا، بۆیە هەوڵەکانی خۆی زیاتر بەم ئاراستەیە وەگڕ خستووە.

**کەسێ ئیمانی بە خودا و قودرەتی بێ** **چلۆن ئەو ئیعتیقادەی دەچێتە قەلبی**

**(علاءالدین، ۲۰۰۹، ۱۱۹)**

مامۆستای خاڵ لە درێژەی ئەم باسەدا دەڵێت:(داخی گرانم وەک شێخ محمەد عەبدە ئەفەرموێت لە بتپەرستی جارانەوە بووین بە دارەبەرد پەرست، وە زۆرتەین مسوڵمانەکانی ئەمڕۆ یان وان یاخود هەر باوەڕیان نیە بە خواو بە پێغەمبەر، مامناوەندییەک کە خاوەنی ئیمان و باوەڕێکی ڕاست و دروست بێت، وە لەسەر بیروباوەڕی پێغەمبەرو یارانی بێت، لە سەدهەزار ئەگەر یەکێک هەبێت باشە). (تەفسیری خاڵ، ١، ٤٧)

دواتر مەلای گەورە ڕوی دەمی دەکاتە گەلانی مسولّمان و بانگیان دەکات بۆ دورکەوتنەوە لە خەیاڵات و حیکایەتخوانی بەناوی ئاینی ئیسلامەوە و دەڵێت: (ليس اليوم يوم البحث عن الكرامة والخوارق، ذهبت الخوارق وتأثيرها، ولا اليوم يوم جدال في زيارة القبور وشد الراحلة الى فلان وفلان، اليوم يوم جدال وسعي وعمل لإحياء الدين، لإحياء الأمة).(جليزادة، المعجزات والكرامات،٨، مخطوط)

مەلا محەمەدی جەلیزادە بۆچوونی وایە ئەم سەردەمە ڕۆژی زانست و زانستخوازی و خەمخواردنە لە حاڵی گەلان و چاکسازییە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، نەوەک سەرقاڵکردنی خەڵکی بە باس و خواسی کەرامات و خەواریقەوە، چونکە ئەو سەردەمە بەسەرچووە، ئەو باسانەش سودێکیان نیە بۆ نەهامەتییەکانی گەلانی مسولّمان لەم ڕۆژگارەدا.

**٣.١ بانگەشەی زانستخوازی:**

هەردوو زانای گەورە مەلا محەمەدی جەلیزادەو شێخ محەمەدی خاڵ لەگەڵ ئەوەی زانای ئایننی بوون، لە هەمانکاتدا تەرەفداری خوێندەواری هاوچەرخ و زانستخوازی مۆدێرن بووینە، بۆیە لە زۆر شوێن لە نوسینەکانیاندا بانگەوازی تاکی کورد دەکەن هەتا خۆ دەوڵەمەند بکەن بە زانستی نویّ، بە نیازی ئەوەی جوڵەیەک بە حاڵی میللەتی کورد بدەن و بەرە ژیانێکی باش و شتێک لە نەهامەتییەکانی کۆمەڵگە کەمکەنەوە، پەیوەند بەمباسەوە شێخ محەمەدی خاڵ لە کتێبی ناڵەی دەروونی‌دا لە باسی مانگگیراندا دێتە سەر باسی گرینگی زانست و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و لە ئاماژەیەکیدا بە خەڵکی شاری سلێمانی دەڵێت:(ئەی شارە زیرەکە تێگەشتووەکە، ئەی کەڵە وریاو پێگەشتووەکە زۆر نەنگ و بەدناوییە گەلانیتر دەستوری بونەوەر "کون" بدۆزنەوەو بەپێی ئەو دەستوورە بچن بۆ سەر پشتی مانگ، کەچی ئێمەش تازە لەسەر زەوی لە بنکی تەشت و مەنجەڵ بدەین بۆ بەربونی مانگ). (ناڵەی دەروون، ٢٠١١،١، ٥٩) دیارە لەو ڕۆژگارەدا باو بووە هەرکاتێک مانگگیران ڕوویدابا خەڵکی بە کۆمەڵ لەبنی تەشت و مەنجەڵیان دەدا بە نیازی مەرەخەسبوونی مانگ، بێگومان ئەمەش خورافەیەکی مێژووییەو لە ناو گەلانی ناوچەکەدا لە دێر زەمانەوە بوونی هەیە، بۆیە شێخ محەمەدی خاڵ لە کۆتایی باسەکەدا دەڵێت:(بەهەر حاڵ ئەمڕۆ ڕۆژی ئەم بیروباوەڕە پوچانە نەماوە، ئەگەر ڕاستتان ئەویّ ئەمڕۆ ڕۆژی زانین وزانست و خوێندن و خوێندەوارییە و بەس) (ناڵەی دەروون، ٢٠١١،١، ٦١).

کارکردنی شێخ محەمەدی خاڵ بە ئاراستەی نوێگەری و زانستخوازی نوێدا بەردەوام بووە لەم پەیوەندەدا کتێبێکی تایبەتی سەبارەت بە فەلسەفەی ئاینی ئیسلام بۆ پرۆگرامی قوتابخانە میرییەکان نوسسیوە و لەو سەردەمەداخوێندراوە. (ناڵەی دەروون، ٢٠٢١،٢، ٣٠٩)

دواکەوتووی کۆمەڵگەی کوردی لەو سەردەمەدا تێگەی زۆربەی زنایان و ئتسڵاحخوازانی بە خۆوە سەرقاڵ کردبوو، لەو ڕۆژگارەدا مەلا محەمەدی جەلیزادە یەکێکبووە لەو زانا دیارانەی بەردەوام لە خەمی میللەتی کورددا بووە، هەمیشە هەوڵی ڕاستکردنەوەی باری لاری میللەتی خۆی داوە، نوسینەکانی گەواهیدەری ئەم قسانەن، کتێبەکانی مەلای گەورە پڕن لە بێدادی ئەو زانایە بۆ ڕۆژگاری سەختی کوردەواری، پەیوەست بەم بابەتەوە مەلای گەورەدە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **بە عیلـــم عەقـــڵ و هـــۆش و عـــیرفان** | **بـــزانن ئەو قســـانە پاکـــی پوچن** |
| **بە قەولـــی جاهیـــلان خۆتان مەگـــۆڕن** | **بە قـەولی موستەفا و ئایەتی قورئان** |
| **ئـەگـــەر خوامان هەبێت ئەقتاب لەبۆ چن** | **بە چـــاوی دڵ لـە دونیـــا بنـــۆڕن** |

**(علاءالدين، ٢٠٠٩، ١١٩)**

مامۆستا محەمەدی جەلیزادە داوا دەکات گەلی کورد ئاوڕدەنەوە بەلای زانست و دینداری عەقڵانیدا، هەتا بەدووربن لە قسەڵۆکی نا عەقڵانی و دینداری خورافی، مەلای گەورە پێی وایە ئەو واقعەی گەلی کوردی تێدایە بەرهەمی دورکەوتنەوەیەتی لە زانست

میتۆدی عەقڵانی زانستخوازی، لە پێوەندەدا مەلای گەورە ڕەخنەی هەیە لەو میتۆدە باوەی ئەو سەردەمە لە ناوەندە زانستییەکاندا خوێندراوە، بۆیە لە پارچە شیعرێکدا دەڵێت:

**خۆزیە ئیمامی ڕازی لەم عەســـرە زیندوبــایە　　تا لە ســونعـی بەشــەری تەیارەی بدیبـــایە**

**ئەوجا ئیـــمانی دەینا بە قــودرەتی بەشــــەری　　قەت ئینکاری نەدەکرد بە تەقلیدی ئەشعەری**

**ئەوەی کە خەلقی خوابوو لە مەعدەن و کان و نەوت　　هەمووی لە کیس ئێمە چوو بەدەستی کافران کەوت**

**(علاءالدین، ٢٠٠٩، ١٣٠ )**

مەلای گەورە دەڵێ نابێ گەلانی مسوڵمان لە چاوەڕوانی هاتنی قیامەتدا دانیشن و هەوڵی زانستی هاوچەرخ نەدەن، چونکە بەهۆی زانستی نوێوە دەتوانین سود لە خێروبێری زەوی ببینین، بۆ خزمەتی خۆمان، نابێ بێ ئومێد و دەسەوسان بین لە گەڕان و سوڕان بەدوای گەنجینەکانی وزە، هەتا بتوانین لە نێو پێشکەوتنەکانی جیهاندا جێ پێی خۆمان قایمکەین.

لە درێژەی بەم باسەدا، مەلا محەمەدی جەلیزادە داوای کردووە لەتەک زانستە ئاینییەکاندا گرنگی بە خویندنی زانستی نوێ بدرێت، چونکە لەو سەردەمەدا بە بیانووی جیاواز دژایەتی خوێندنی هاوچەرخ دەکرا، بەڵام جەلیزادە لەو ڕۆژگارەدا داکۆکیکارێکی سەرسەختی خویندنی مۆدیرن بووە، بۆیە لە پارچە شیعرێکدا دەڵێت:

**هەستە پێشکــەوە ئەی لاوی کۆیی　　ئاگــات لە خـۆ بێ کــاروان ڕۆیی**

**بە نوری عیلمی ڕێــگا بــەدەرخـە　　بە زۆری بازوو باری بەســەرخـە**

**عیلـــمی تەبیعـــەت عیلمی خـودایە　　(قـال) و(قــول) گــشتی هەبایــە**

**عیلـــمی کـیمیات گەر نەخوێندووە　　بە خـوا نازانـی خوا چی کـردووە**

**(علاءالدین، ٢٠٠٩، ١١٤)**

لەو سەردەمەدا مەلای گەورەی کۆیە یەکەم کەسبووە کچی خۆی ناردووەتە بەرد خوێندن لە قوتابخانەی مۆدێرندا، ئەم کارەشی کاردانەوەی بەدوادا هاتووە، ئەو ڕۆژگارە خەڵکی بەگشتی دژی کردنەوەی ئەو جۆرە خوێندنگانە بوون.

**٤.١- نوسینی تەفسیری قورئان لەسەر ڕێڕەوی قوتابخانەی ئیسلاحیی:**

لە بارەی ڕاستکردنەوەی بیری ئاینی و شێوازی دینداری خەڵکی، وە ڕاستکردنەوەی تێگەشتن بۆ چەمکە ئیسلامییەکان، شێخ محەمەدی خاڵ دەستی داوەتە نوسینی تەفسیری قورئان هەتا لە تێگەشتنێکی ڕاست لە بارەی قورئانەوە بەزمانی کوردی پێشکەش بە کۆمەڵی کوردەواری بکات، وەک ئامژەی بۆ دەکات چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئاینی خەیاڵی بردووە، ئەو ئامژەی بۆ دەکات لە دوای خوێندنەوەی نوسینەکانی ڕابەرانی بیری چاکسازی ئیسلامی لە قۆناغەدا خولیای نوسینی ئەو تەفسیرەی لا گەڵاڵە بووە، لە بەرگی دووەمی ناڵی دەروندا ئەڵێ: (پاش تەواوکردنی خوێندن و پێش ئەوەی مۆڵەتی زانایی وەربگرم، دەستم کرد بە دەرسوتنەوەو خوێندنەوەی تەفسیری "المنار" ی محەمەد ڕەشید ڕەزا و دانراوەکانی چاکسازی گەورە شێخ محەمەد عەبدە، هەروەها هەندێ لە ژمارەکانی گۆڤاری "العروة الوثقی" و هەندێ کتێبی هاوچەرخی نوێ، لە ناو ئەم کتێبانەدا خواست و مەبەستەکانی خۆم دۆزییەوە، سودێکی زۆرم لە خوێندنەوەیان وەرگرت، خولیای ئەوەم لا دروستکردم کار بۆ چاکسازی ئاینی و ڕەشتی و کۆمەڵایەتی بکەم). ( ناڵەی دەروون، ٢٠٢١،٢،٣٠٤)

ئەوەی ڕوونە لێرەدا مامۆستای خاڵ لە ژێر کاریگەری بیروڕاکانی ڕێبەرانی چاکسازی ئیسلامیدا، لە نمونەکانی محەمەد عەبدە و جەمالەددینی ئەفغانی و محەمەد ڕەشید ڕەزادا هەوڵی داوە تەفسیری قورئان بنوسێتەوە، کاتێکیش تەفسیری خاڵ دەخوێنیتەوە بەڕوونی هەست بەو تەرزە دەکەیت و شێوازێکی نوێ پەیڕەوکراوە لە نوسینی تەفسیرەکەدا، واتە تەفسیری خاڵ زیاتر چووەتە ناو بابەتەکان و لە قوڵایی ئایەتەکانەوە پەیامی چاکسازی قورئانی بە زمانێکی کوردی بەیان دەکات، مامۆستای خاڵ لە درێژەی تەفسیرەکەدا بەڕوونی لە سەر بابەتە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکان ڕاوەستاوە، بەزمانێکی زانستییانەی هاوچەرخ تەفسیرەکە داڕێژراوە، لەو سەردەمەدا تازە بەتازە بیرۆکەی نوسینی تەفسیر بە زمانی کوردی لێرەو لەێ گەڵاڵە دەبوو، لە تەفسیری خاڵدا مامۆستا زمانی قورئان و زمانی زانستی کورداند و پێکی ئاشناکردن.

مامۆستای خاڵ ئاماژە بەوە دەکات یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٣ هەوڵیداوە لە سەر ڕێبازی شێخ محەمەد عەبدا تەفسیری قورئان بکات، بۆیە لە هەنگاوی یەکمدا تەفسیری سورەتی فاتیحەی بەشێوەیەکی کورت و پوخت نوسیوە، وەک مامۆستا ئامژەی بۆ دەکات لەو سەردەمەدا نوسینی ئەو پوختەیە لە تەفسیر بە زمانی کوردی و بەو ڕێبازە نوێیە دەنگدانەوەی هەبووە و پێشوازییەکای گەرمی لێکراوە لە لەیەن خوێنەرانی کورد زمانەوە. (ناڵەی دەروون، ٢٠٢١،٢، ٣٠٦) ئەمە هەنگاوی یەکەمی نوسینی تەفسیر بووە لای مامۆستای خاڵ دواتر بەشێوەیەکی فراوانتر دەستی داوەتە نوسینی تەفسیری هەموو قورئان بەڵام مخابن بۆی تەواو نەکراوە.

بەپیی گێرانەوەکان بێت لەو سەروبەندەدا بووە مەلای گەورە خەریکی نوسینی تەفسیرەکەی بووە بەزمانی کوردی، بەپێی زانیارییەکانی کە بەردەستن تەفسیرەکەی مەلای گەورە بەناوی "تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی" یەکەم تەفسیرە بەزمانی کوردی نوسرابێت، مامۆستای گەورە مەبەستی بووە لە نوسینی وەها تەفسیرێکدا تێڕوانینێکی کوردانە بۆ ئیسلام و قورئان پێشکەش بە گەلەکەی بکات، مەلا محەمەدی جەلیزادە دوای دانانی چەند کتێبێک لە بابەتە جیاوازەکانی مەعریفەی ئیسلامیدا دواجار پەنا بۆ نوسینی تەفسیری قورئان دەبات، بەو پێیەی قورئان سەرچاوەی تەواوی بابەتەکانە، تێگەشتن لە ڕۆحی قورئان و قوڵبونەوە لە مەبەستەکانی گرێکوێرەی زۆربەی ئاڵنگارییەکانی ڕۆژگارە، مەلای گەورە یەکەم کەسبووە بیرۆکەی نوسینی تەفسیری بە زمانی کوردی کردووەتە واقیع، مامۆستا لەیەک کاتدا کاری لەسەر چاکسازی ئاینی و نەتەوەیی کردووە، تێزەکانیشی لەم بوارەدە پێشکەشکردوون.

کاتێک خوینەر بەراوردێک لە نێوان تەفسیری مەلای گەورە و تەفسیری خاڵدا دەکات، بە زووی پەی بەوە دەبات ئەم دوو تەفسیرە سەر بە یەک قوتابخانە و بە یەک ئامانج نوسراون، تەرزی داڕشتن و نوسینەکانیشیان بە یەک ئاراستەدا دەڕۆن، لە ڕاستیدا هەردوو نوسەرەکەش بەڕاشکاوی سەرسامی خۆیان بە ڕێبەرانی قوتابخانەی چاکسازی ئیسلامی ئەو سەردەمە دەردەبڕن، هەوڵەکانی خۆیان بە درێژکراوەی ئەو قوتابخانەیە دەبینن، بە ئامانجی گۆڕانکاری لە باری کۆمەڵایەتی و شێوازی دینداری گەلی کورددا.

**٢- چاکسازی لە کایەی کۆمەڵایەتیدا**

**١.٢- ڕۆڵی ئافرەت لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا:**

ئافرەتان ڕۆڵی بنەڕەتییان هەیە لە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەو ئافرەتە هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هەبێت بێ گومان ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، ئافرەتان دەستەبەری پیاوانن لە تەواوی ژیاندا، بۆیە هەردوک ئەرکێکی هاوبەشیان هەیە بەشێوەیەکی گشتی، ئیتر دابڕاندنی ئەم دوو ڕگەزە لەیەکتر کارێکی حەستەمە، چوونکە بە سروشت دوو بونەوەری پێکەوە گونجاو و تەواوکەری یەکترن، بۆیە قورئان پێمان دەفەرمویت: (وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً) (الروم:٢١) کەواتە ئافرەت و پیاو پێش هەمووشت دوو بونەوەری تەواوکەری یەکترن، لە هەمانکاتدا ئەرکێکی هاوبەشیان هەیە، وە ئەرکە بنەڕەتییەکان بۆ ئافرەتانە چونکە ئەرکی دایکایەتی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، بۆیە مامۆستای خاڵ کۆشی دایکی بە قوتابخانەی بنەڕەتی دەناسێنێت لە پەروەردەکردنی منداڵدا، لەم بارەیەوە دەڵێت: (کۆشی دایک

یەکەمین قوتابخانەیە بۆ منداڵ کە چاوی تیا ئەکاتەوە، وە لەوێدا فێری گڕوگاڵ و دارەدارە ئەبێ و ئەکەوێتە سەرپێ، وە لەوێوە ئەبڕێ بۆ قوتابخانەی دووهەم، وە لەوێشەوە بۆ مەیدانی کردو کۆشی و هەوڵ وتەقەلا و خزمەتی گەل ونیشتمان). (ناڵەی دەروون، ۲۰۱۱،۱، ۹۷) ئەم ڕۆڵی دایکایەتییە کەم نییە چونکە پڕیەتی لە ئەرک و بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە منداڵ، بەرانبەر بە ئاین و کۆمەڵگە، هەر ئەمەش وادەکات پێگەی دەیکایەتی جۆرێک لە پیرۆزی و حورمەتی تایبەتی هەبێت لە ڕوانگەی ئاین و کلتوری کۆمەڵایەتیشەوە، بۆیە زۆرجار دایک بە نیشتمان پێناسە دەکرێت، چونکە سەرەتای هەموو شتەکان دایکە.

لە بارەی پێگەو جێگەی دایکەوە لە نێو کۆمەڵگەو ڕۆڵی لە ڕوداوە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆچونەکانی مامۆستا خاڵ و مەلای گەورەی کۆیە لەیەکەوە نزیکن، بۆیە پەیوەست بە بابەتی دایکایەتییەوە مامۆستا مەلا محەمەدی گەورە لە پارچە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

**ژن زینــەتـــی دونیـــانـــە ئەمـــــانـەتــــی خـــودانــە**
**حــــەبیبـــی مـوســــتەفـــانـــە قــــەلاتن لـە بـۆ مــــێردان**
**ژن ئەگـــەر بە حورمەت بێ بێ زیـللــەت و زەحمەت بـێ**
**بە تەربییەو ڕەحـمـــەت بـــێ دڵ گـــوشاد و لـێو خــــەندان**
**کـــوڕی دەبـــێ وەکـــو شـێر عـــــــاقڵ و دانـــــاو دلـــــێر**
**ژنـیـــش وەك مــوزەکـــەرە عـــــەینی ئـــەویش بەشـــەرە**

**(علاءالدین، ۲۰۰۹، ١٤٤)**

لێرەدا مامۆستای گەورە ئاماژە بەو فەرموودەی پەیامبەر دەکات کە دەفەرموێت: (الدنیا متاع، وخیر متاعها المرأة الصالحة).(ابن ماجه، سنن ابن ماجه، ۲۰۰۹، رقم الحدیث:۳۹۹۹) ئافرەتی چاک دایک بێت یاخود هاوسەر یاخود هاوڕێ تۆوی چاکە بڵاو دەکاتەوە بە نێو کۆمەڵگەدا، وەک دەوترێت لە پشت هەموو پیاوێکی بەهێزەوە ئافرەتێکی ژیر هەیە، بەهەمان شێوە لە پشت هەموو منداڵێکی بەتەربێتەوە دایکێکی باش هەیە، لێرەدا مەبەست لەو دایکانەیە کە بەئەرکی دایکایەتی هەڵدەستن، نەک ئەوانەی تەنها هەڵگری سیفەتی دایکایەتین، مەلای گەورەش لە هۆنراوەکەیدا ئاماژە بە جۆری ئەو ئافرەتانە دەکات کە بە ئەرکی دایکایەتی هەڵدەستن و قوربانی دەدەن، هەتا بتوانن ڕۆڵەیەکی بە تەربییەت و چوست و چالاک بخەنەوە، لە فەرمودەکانی پەیامبەریشدا ئاماژە بە پێگەی ئەو جۆرە دایکانە کراوە و دەفەرموێت:(فالزمها، فإن الجنة عند رجلها). (النسائ، السنن الکبری ،۲۰۰۱، رقم الحدیث:٤٢٩٧)، ئەم فەرموودەیە باسی گەنجێک دەکات کە پرس وڕا بە پەیامبەر دەکات داخۆ بچێت بۆ غەزا، پەیامبەریش پرسیاری لێدەکات ئایا دایکت هەیە؟ وەڵام دەداتەوە بەڵێ، پەیامبەر دەفەرموێت کەواتە خزمەتی دایکت بکە چونکە بەهەشت لەلای پێیەکانی دایکتایە، کەواتە لێرەدا هەردوو مامۆستا یەکڕان لەسەر ڕۆڵی گەورەی دایک لە نێو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆیە گرنگە لە هەر پرۆژەیەکی گۆڕانکاریدا دایکەکان ڕۆڵی خۆیان پێبدرێت وەک کارەکتەری بنەڕەتی گۆڕانکارییەکان.

مامۆستای خاڵ لە کتێبی ناڵەی دەروونڈا ڕووداوێک دەگێرێتەوە و دەڵێت: (لەساڵی ۱۹۱۳ دا سعد زەغلول لەناو کۆمەڵێکی زۆر گەورە لە جامیعەی میسردا ئەوەستێ و ئەڵێت: با گەلەکەتان بخوێنن. دەنگێک لە دوورەوە دی ئەڵێ:نەء دایکەکان بخوێنن، ئەو حەلە گەلیش دانا و خوێندەوار ئەبێ، وە لە خەوی بێ هۆشی بێدار ئەبێتەوە). (ناڵەی دەروون، ۲۰۱۱، ۱،۹۸)

sjh@univsul.edu.iq

### ٢.٢- کێشەی تەڵاق لە کۆمەڵگەی کوردیدا:

تەڵاق و بابەتی جیابونەوەی هاوسەرەکان و هەڵوەشاندنەوەی خێزان بابەتێکی هەوەنتە نیە، دەستبردن بۆ ئەم کارە لێدانە لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە، بۆیە گرنگە لە پێناو پاراستنی یەکپارچەیی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پارێزگاری لە مانەوەی خێزانەکان بکرێت، بابەتی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە سەر ڕێنمایی و یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی درەستەکرێت، چونکە یاساکانی شەریعەتی ئیسلام بونەتە کلتور لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لە قورئانی پیرۆزدا گرێبەستی هاوسەرگیری بە "پەیمانێکی توند" ناوی هێنراوە، نابێ وردە کێشەی ڕۆژانە جێگە بەم پەیماننامەیە لەق بکات، قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (وأخذن منكم ميثاقًا غليظًا). (النساء:٢١) کەواتە نابێ بابەتی تەڵاق ببێتە بنێشتی سەر زار، بەڵکو تەنها لە کاتی جیابونەوەدا پەنا بۆ ئەم بابەتە دەبرێت و تەنها یەکجاریش بەکار یەت.

پەیوەست بەم باسەوە مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە کتێبی ناڵەی دەروونا دەڵێت: (ئەم ژنهێنانە جۆرە پەیمانێکە لە ناوەندی پیاو وژنا کە ئەبیەستن بۆ ژیانێکی هاوبەشی هاوکاری "مشترک" کە هەردوولا یارمەتی یەکتر بدەن، وە هەردوولاش یارمەتی کۆمەڵ بدەن بۆ بەرهەمهێنانی گۆپکەی تازەی ژیان و خونچەی تازەپێگەشتووی ئادەمییان). (ناڵەی دەروون، ٢٠١١، ١١٣،١) مامۆستا زیاتر لەسەر ئەم بابەتە ڕادەوەستێت و دەڵێت: (ئەو دەفتەری دادگایەی کە ژن و پیاو مۆری ئەکەن لە دوای ڕێکەوتن و مارەکردن، گەورەترین و بەنرخترین چەکە بە دەستیانەوە نابێ هەروا بە ئاسانی ئەم پەیمانە هەڵبوەشێننەوە، وە ئەم سوێندە بخەن، وە ئەم کۆشکە بروخێنن). (ناڵەی دەروون، ٢٠١١، ١١٣،١)

مامۆستا کە لەو سەردەمەدا قازی و مەلای مزگەوت بووە دیارە زۆر دەست و پەنجەی لەگەڵ ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەدا نەرمکردووە کە بەهۆکاری تەڵاقەو ڕوویانداوە، بابەتی تەڵاق خواردن وەک سوێن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت لەلایەن خەڵکانێکی زۆر لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەمە یەکێکە لەو دواکەوتویانەی کە سەرچاوەی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتییە لە ئێستەو ڕابردوشدا، ئەم بابەتە لای مامۆستا مەلە محەمەدی گەورەش بەهەمان شێوە یەکێکە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کوردەواری بۆەی مەلای گەورە بێ ئاگا نەبووە لێی و لە نوسینەکانیدا لەسەری ڕاوەستاوە ئەوەتا لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **خـودا دەڵی لە قـورئان** | **الطـــــــــلاق مـــرتان** |
| **بڵێن بە قەومی کوردان** | **دەستـــی من و دامـێنیان** |
| **عـەیبە بەحـەقی یەزدان** | **ژنـــهـــێنان و تەڵاقــدان** |

**(علاءالدين، ٢٠٠٩، ١٤٤)**

مەلای گەورە لە تەفسیرەکەیدا لە بارەی ئایەتی (الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ ۖ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ).(البقرة:٢٢٩)دەڵێت: پێویستە مرۆ لر بابەتی جیابوونەوەدا خۆی نەخاتە زەحمەتەوە زوو بڕیارێک نەدات دوایی لێی پەشیمان بێتەوە، بابەتی جیابوونەوەی ژن و لێردان هەروا سانا نییە، بەڵکو دەبێت بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕبێت، چونکە دوای وەها بڕیارێک چ ژنەکە و چ پیاوەکە ڕووبەڕووی ئەرک و بەرپرسیارێتی جیاواز دەبنەوە لە ڕووی کۆمەڵەیەتییەوە، خۆ ئەگەر منداڵیان هەبێت ئەوە کارەکە زەحمەتتر دەکات، بۆیە گرنگە ژن و پیاو لەم بابەتدا بە وریاییەوە مامەڵە بکەن هەموو خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بابەتەکە لەبەرچاو بگرن، نابێ بەهەڵە یاخود هەڵچونێک وەها بڕیارێکی چارەنوسساز بدەن بەبێ ئاوڕدانەوە لە لێکەوتەکەنی. (مەلای گەورە، تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، ٢٠٠٩،١، ٢٥٥)

مامۆستای خاڵ لەکۆتایی باسەکەدا دەڵێت: (کەوابوو نابێ هەرکەسێک لە ژنەکەی توڕەبوو بچێ تەڵاقی بدات، هەروەک یەکێک باڵێکی هاتە ژان نابێ خێرا بچێ لە بنا بیبڕێ). (ناڵەی دەروون، ۲۰۱۱،۱، ۱۱۳)

**۳.۲- پرسی پەروەردەی منداڵ لە خیزانی کوردیدا:**

بابەتی پەروەردەی منداڵان بەشێک لە نوسینەکانی شێخ محەمەدی خاڵی بۆخۆی بردووە، گۆشەیەک لە ئەندێشەو تێگەی ئەو مەلا کوردەوارییەی دەگیرکردووە، چونکە مامۆستا ڕۆژنە بەرهەمی بێ پەروەردەیی یاخود پەروەردەی هەڵەی خێزانە کوردەکانی بینیوە لەسەر ڕەوشت و ژیانی منداڵەکانیان، کاریگەری بێ بەرنامەیی منداڵ خستنەوە لەناو خێزانی کوردیدا لە سەر خورەوشتی منداڵەکانیان بەڕوونی وەدەرکەوتووە، ئەم وای کردووە لە مامۆستای خاڵ پەیوەست بە پەروەردەی منداڵەوە قەڵەمی وەگەڕخات و بڵێت: (داخی بەجەرگم لە وڵاتە نەخوێندەوارو پاشکەوتووەکەی ئێمەدا بە نەخوێندەواری ئەمێنێتەوە، یا بێ ڕەوشت و خوو ئەکەوێتە کۆڵان، ئایا ئەمانە هەمووی لەبەر نەخوێندەواری و نەزانی دایکەکانیان نییە، منداڵەکانی لای ئێمە لەسایەی دایکە نەخوێندەوارەکانیانەوە هەمیشە لەشیان چڵکن و سەریان کوڵکن و ئەندامیان ئەسپێون و ڕشکن، دەست وقاچیان کرێشاوی و چاویان پڕوشاوی، کاڵایان دڕاو خواردنیان پۆخڵ). (ناڵەی دەروون، ۲۰۱۱، ۱،۱۰۰)

لێرەدا مامۆستای خاڵ دایک دەکات بەسەنتەری پەروەردەی منداڵ بەچاک و بەخراب ڕۆڵەکە بۆ دایکان دەگێڕێتەوە، دایکەکان هەتا ئاستی ڕۆشنبیرییان باشتر و بەرزتربێت ئەوە دەتوانن پەروەردەیەکی باش پێشکەش بە ڕۆڵەکانیان بکەن و نەوەیەکی باشیش پێشکەشی کۆمەڵگە بکەن.

دواتر شێخ محەمەدی خاڵ لەسەر ڕەخنەگرتن لە شێوازی گەورەکردنی منداڵان هەیە لە ناو خێزانی کوردیدا، ئەو پێی وایە لە ناو خێزانی کورددا بەخێوکردن هەیە نەوەک پەروەردەکردن بۆیە ڕەخنە لە دای بابی کورد دەگرێت و دەڵێت: (دایکەکانی لای ئێمە منداڵەکانیان کە زمان ئەگرن، لە جیاتی هەموو هونەرمەندییەک کە فێریان بکەن پێیان ئەڵێن: تفێک بکە بابە، شەقێک هەڵدە لە دایە، چەمۆڵەیەک بنێ لە کاکە، دایکەکانی لای ئێمە هەمیشە منداڵەکانیان بە چیرۆکی جنۆکە و خێو و شەولەبان ئەترسێنن، وە ڕەگی پیاوەتی و ئازایەتی لە دڵیاندا ئەمرێنن). (ناڵەی دەروون، ۲۰۱۱، ۱،۱۰۱) بەداخەوە ئەم جۆرە خێزانانە هێشتا لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا هەر بونیان هەیە، یاخود بێباکی دایکان و باوکان بەرانبەر پەروەردەی منداڵەکانیان لەم ڕۆژگارەشدا هەر بەردەوامە، ئێستە لەکۆڵکردنەوەی منداڵ هەیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، زۆرێک لە خێزانەکان تەربییەتی منداڵەکانیان بە سۆشیال میدیا سپاردووە، زۆرجار دایکان و باوکان بۆ بێدەنگی و بیانوبڕینی منداڵەکانیان پەنا بۆ مۆبایل دەبەن، زۆر بە خایاڵێکی ئاسودەوە منداڵەکەیان چەند سەعاتێک بە دیار تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە بەجێدەهێڵن، دڵنیام مامۆستای خاڵ ئێستە بمایە داخ وکەسەری زیاتر دەبوو بەرانبەر ئەوجۆرە دای بابانەی ئەم سەردەمە.

ئەم تەرزە لە بێ پەروەردەیی لە ناو خێزانی کوردیدا کۆڵی گرانی مامۆستا مەلا محەمەدی گەورەی کۆیەبووە، شیعرە تەنز ئامێز و ئوسلوبە داشۆرینەکانی مەلای گەورە لەشیعرەکانیدا ئەم جۆرە خێزانانەی گرتووەتەوە، مەلای گەورە بێ ئاگا نەبووە لەو بێ باکییەی بەشێک خێزانی کوردی لە پەروەردەی منداڵەکانیاندا هەیانبووە، کورتکردنەوەی ڕۆڵی دایەکایەت و باوکایەتی لە بەخێوکردنو گەورە کردندی منداڵدا داخ و کەسەرێکی گەورەبووە لای مەلای گەورە، هەر بەم بۆنەیەوە لە پارچە شیعرێکدا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **ژنێــکــی دەربــە دەربــێ** | **دڵ پڕ غــەم و کــەســەربــێ** |
| **ڕەزیل و دەست بەسەر بێ** | **وەک مەحبوس لە ناو زینـدان** |
| **دەبــێ ئەولادی کــو بــێ** | **بــێ ڕووەت و بــێ ڕوو بــێ** |
| **مێشــکی وەکـو کـدو بێ** | **ترســنۆک وەک یەهــــودان** |
| **زەردو زەعیف و باریـک** | **گــوێ گــران وچــاو تاریک** |
| **دەرحەق ژنــان بێ باکــن** | **بــۆیــە بــێ داکــی چــاکــن** |

| | |
|---|---|
| **سەیری حاڵی خۆ ناکەن** | **وەک دڕکن لە ناو عەردان** |
| **تەربیە لەلای داکە** | **داک چابێ ئەولاد چاکە** |
| **داک مامۆستای فیترییە** | **تەشەکولت لەوییە** |

**(علاءالدین، ٢٠٠٩، ١٤٤)**

مەلای گەورە پێی وایە بونیادی کەسایەتی ئافرەت کاریگەری دەبێت لە سەر ڕۆڵ و پێگەی ئەو لە ناو کۆمەڵگەدا، چ وەک دایک یاخود وەک هاوسەر، ئەو دەڵێت هەتا ئافرەت وەک پیاو مافە ئینسانییەکانی بۆ دەستەبەر نەبێت ئەوە ناتوانیت ڕۆڵی دایکایەتی بگێڕێت، چونکە کەسێتی مرۆڤەکان لە منداڵییەوە دروستەبن، بۆیە پێویستە لەسەرەتاوە بە قۆناغێکی پەروەردەی کەسێتیدا تێپەڕن بەتایبەت لە ناو خێزانەکاندا، ئەو دەڵێت بۆ بەدەستهێنانی داکێکی باش پێویستە کچەکانمان بە پەروەردەیەکی تەندروستدا تێپەڕن، فەراهەمکردنی ژینگەیەکی باشی خێزانی گەرەنتی بەرهەم هێنانی دایکێکی باشمان بۆ دەکات.

لەبارەی مافی ئافرەتان و ئەو بەربەستانەی لە کۆمەڵگەی کوردەواری بۆیان دروستببوو، مەلای گەورە کۆششێکی زۆری کردووە، ئەو لەوە گەیشتبوو تاکو ئافرەتی کورد ئازاد نەبێ، تەواوی مافەکانی دەستەبەر نەکات، کۆمەڵگای کوردەواری پێش ناکەوێ و ناچێتە ڕیزی نەتەوە پێشکەوتووەکان، هەوڵێکی بێوچانی داوە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا کچ و کوڕ بە چاوی یەکسانی سەیر بکرێن، هۆنراوەی تایبەتی لەسەر مافی ئافرەت داناوە، کچی خۆی لە و سەردەمەدا ناردووەتە قوتابخانە مۆدێرن، ئەم هەڵوێستەی لەو دەمە بووە کە زۆربەی مەلاکانی ئەو سەردەمە حەزیان نەدەکرد تەنانەت کوڕانیش بچنە بەر خوێندنی قوتابخانەی فەرمی نەبادا دینیان لاواز بێت، مەلا محەممەدی جەلیزادە ئامۆژگاری مەلاکانی کردووە، کە کچان بە منداڵی مارە نەکەن، ئەم هەڵوێستەی مەلای گەورە دەرئەنجامی بیرکردنەوەیەکی قووڵ و خوێندنەوەی سەرچاوەی ئیسلامییە ڕەسەنەکان و شرۆڤەکردنی بابەتە کەلامی و فەلسەفییەکانە، مەلای گەورە دوای حاجی قادری کۆیی یەکەمین مەلای شاعیر بووە ئەوەندە گرنگی بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی داوە، بەشێکی دیوانەکەی تەرخان کردووە بۆ داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان لە ژیان و خوێندن و هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دا،.داوای ئەوە دەکات گەر ئافرەت ڕێزی ڕابگیرێت و بە چاکی پەروەردە بکرێ و لەناو دەورو بەرێکی پڕ لە شادیدا بژیت، ئەوا ڕۆڵەی ئازاد و دلێری دەبێت و وەکو شێر ئازا و دانا دەبێت و بەدڵ و دەروون دەوڵەمەند و بەچاو بەخشندە دەبێت و ئەو ڕۆڵەیەی کە دەشیبێ لە دووا ڕۆژدا دەبێتە گەورە و سەرداری میللەتەکەی.

**٢.٤نیشتیمان پەروەری:**

مامۆستای خاڵ لە کتێبی ناڵەی دەروونداً بەرگی یەکەم یەکێک لە سەرە باسەکانی بەناوی خۆشەویستی نیشتیمانەوە نوسیوە، لە ناواخنی باسەکەدا بە شێوەیەکی ئەدەبییانەی ناسک هەستی خۆی بۆ نیشتیمان بەیان دەکات، نیشتیمان وەک داک و باوب وێنا دەکات، سۆزی نیشتیمان پەروەری لای مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ مۆرکی ڕەسەنایەتی و مەردایەتی هەر مرۆڤێکی بە شەهامەت و خاوەن ئیرادەیە، بۆیە دەڵێت: (هەر کەسیک کوڕی باوکی خۆی بێ، بە دڵ و بە گیان نیشتیمانی خۆی خۆش دەوێت، وە هەمیشە هەوڵ ئەدات بۆ زیندوبونەوەو سەرکەوتن و پێشکەوتن و بەرزبونەوە، وە نایەڵێ دوژمن دەستی بۆ درێژکاو زیانی پێ بگەیەنێ.

**ڕۆژو شەو بۆ پاسی ناموسی وەتەن ڕۆڵەی وەتەن**

**سنگ بە قەڵغان وسوپەر بۆ نوکی تیر و شیر ئەکا**

(ناڵەی دەروون، ٢٠١١،١، ٥٣)

لە درێژەی باسەکەدا بۆ بۆ پشتیوانی قسەکانی پەنا بۆ فەرمودەیەکی پەیامبەر دەبات و دەڵێت:(بەسە بۆ خۆشەویستی نیشتیمان گێرانەوەی ئەم فەرمایشە لە دەم پێغەمبەرەوە"حب الوطن من الإيمان" ) (ناڵەی دەروون، ٢٠١١،١، ٥٤) ئەگەرچی ئەم فەرمودەیە بێ ئەسڵە و زانایانی فەرمودەناس لە ڕیزی فەرمودە لاوازەکاندا پۆلێنیان کردووە و هیچ سەنگێکی بەڵگەداری نیە، بەڵام واتای فەرموودەکە دروستە کۆمەڵێک دەقی زۆر هەیە لە قورئان و فەرمودەکانی پەیامبەر کە پشتیوانی بۆچونەکەی مامۆستای خاڵ دەکەن.

نیشتیمان پەروەری لە لای مامۆستای خاڵ بابەتێکە لەگەڵ سروشتی مرۆڤەکاندا لە دایک دەبێت، وە بە قوربانیدان لە پێناویدا گەشە دەکات وسیفەتی ئەبەدی وەردەگرێت، لای مامۆستا خاڵ هەستی نیشتیمان پەروەری هەستێکی بونیادییە لە ناخی هەموو تاکێکدا بونی هەیە، بۆیە دەڵێت: (نیشتیمان کە سروشتی ئادەمی و باو باپیرمان لە ئاو و گڵی ئەو بێ، وە گوزەران و ڕابواردن و خۆشیان بەسەر ئەوەوە بێ، وە گەورەیی و سەربەرزییان لە سایەی ئەوەوە بێ، لە پاشا هەر لەوێدا بمرن و ببنەوە بەخاکی نیشتیمان، چۆن ئەبێ خۆیان نەکەن بەباڵا گەردانی، سینەیان بە قەڵغانی، سەریان بە قوربانی). (ناڵەی دەروون، ٢٠١١،١، ٥٤)

هەر پەیوەست بە هەستی نیشتیمان پەروەرییەوە مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ ئەم پارچە هۆنراوەیە دەهۆنێتەوەو لەم چەن بەیتەدا هەست و خۆشەویستی خۆی بۆ نیشتیمان بەیان دەکات.

**ئەو نـــیشتیمـــانە ئەو ئاو و گـــــڵە**     **پشت و ئەژنۆیە هەم جـــەرگ و دڵـە**

**باوک و باپیر و فراو کـەس و خاک**     **لەو ڕێدا ڕۆین گشت بوون بە زوخاڵ**

**مردن و ڕزین گـەڕان بەو خـاکـــە**     **وەتەن باوک و دایک وەتەن هەم کاکە**

(ناڵەی دەروون، ٢٠١١،١، ٥٤)

ئەم بابەتی نیشتیمان پەروەرییە لای مامۆستا مەلامحەمەدی گەورە بونێکی دێرینتری هەیە، مامۆستای جەلیزادە زۆرتر بە زمانێکی ئەدەبی و شاعیرانە تەعبیر لە هەستە نیشتیمانییەکانی خۆی دەکات، ئەو زۆرجار باسی نیشتیمان گرێدەدات بە واقعی پڕ ئازاری گەلی کوردەوە، نەهامەتییەکانی نیشتیمان لە ناواخنی بابەتەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتیدا دادەڕێژێتەوەو لەوێوە بەدوای چارەسەردا دەگەڕێت، لە یەکێک لە هۆنراوەکانیدا بەم شێوەیە هەستی نیشتمان پەروەری خۆی دەردەبڕێت:

**ئـەی وەتــەن لاوەکـــانی خوێن شیریـــن**     **ئـەو دوعـــایە دەکـــەم بڵـــێن ئامـــین**

**ڕەبی هەرکـــەس کـــە دوژمنی کـورد بێ**     **چـاوی با دەرپەڕێ و مـلی ورد بـــێ**

**ئـەوی ڕێگـــــەی لە کـوردەکـان گـۆڕی**     **لەعــنـەتی خـودا لە ئەلــحدو گــۆڕی**

**خوایە هەرکەس کە خوێنی کورد ئەمژێ**     **کوێر و مـادور بێت ئەوەندێکی ئەژی**

**( گورژی، کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیە، ٢٠٠٩، ٢١٧)**

داخ و پەژارەی مامۆستا لەم هۆنراوەیەدا ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆژگارە سەختانەیە کەوا گەلی کورد پێیدا تێپەڕیوە، بە پێی بۆچونەکانی مامۆستای جەلیزادە مێژووی نەتەوەی کورد ئەوە ندە بچوک نییە هەتا بەم ڕۆژگارە سەختەی بگەیەنێت، بەڵام پلانە دەرەکییەکان و خۆخۆری ڕۆڵەکانی وایکردووە پەرتەوازەو بێ سەسپەرشت دەرکەوێت و حاڵ و گوزەرانێکی ئێجگار سەخت بەرێکات.

sjh@univsul.edu.iq

سەبارەت بە ناتەبایی و خۆخۆری میللەتی کورد زۆر گوتراوە، مەلای گەورەی کۆیە لە هۆنراوەکانیدا ئاماژەی بەو دەردە کوشندەیە کردووە کەوا لە ناو گەلی کورددا زۆر بە فراوانی ڕەنگی داوەتەوە، لە زۆر کاتتدا خۆخۆری ڕۆڵەکانی وایکردووە ئەم گەلە هەلی گەورەی لە دەستچێت، ڕوداوە مێژووییەکان پێمان دەڵێن کەوا کێشە ناوخۆییەکانی گەلی کورد سەرچاوەی ئەم دواکەوتوویی و ژێردەستەییەی ئەمڕۆن، ئەم بابەتە مێژوویەکی کۆنی هەیە و دەتوانین بڵێین ئێستەش هەر بەردەوامە، هەر وەیوەست بەم باسەوە مامۆستای کۆیە چەند بەیتە شیعرێکی هۆنیوەتەوە و دەڵێت:

**قوڕی کام جێ بگرمەوە بۆتان — بۆ برایانی جەزیرە و بۆتان**
**خومی دونیا بکەین بەسەر خۆمان — بۆ عەزیزانی ئەرزەڕۆم و وان**
**ئێوە هەرچەندە قەومێکی زۆرن — فایدەی چی قەومی خۆخۆرن**
**وا دەزانن کە کوردە گەل زیندوون — من ئەبینم عەلەلعوموم مردون**
**واوەژێر کەوتون بەبێ دەسەڵات — ڕەبی ئەو قەومە بۆچی وای بەسەرهات**
**ماد وساسان کورد بون وسەلاحەددین — ئێوە بەو حاڵە قەت مەڵێن کوردین**

(گورژی، ۲۰۰۹، ۲۱۹)

مامۆستا لەم هۆنراوەیەدا دوای سەرزەنشتی گەلی کورد لە سەر ئەو خۆخۆرییەی دەستیان داوەتێ، باسی مێژووی زێڕینی ئەم گەلە دەکات کەوا لە نەوەی دوو دەوڵەتی گەورەی مێژوویی ماد و ساسانن، لە هەمان کاتدا کوردەکان گەلی سەرکردەی کاریزما و مێژوویی مسوڵمانان سەلاحەددینی ئەیوبین، کەوا نزیکەی سەدو پانجا ساڵ کوردە ئەیوبییەکان ڕابەرایەتی جیهانی ئیسلامییان دەکرد، بەبێ دوبەرەکی ئیدارەی دەوڵەتەکەیان دەکرد، کەواتە کوردەکان لێهاتوویی مێژووییان هەیە لە دەوڵەتداریدا ئەگەر دووبەرەکی ناوخۆیی نەبێت.

هەر پەیوەست بەم باسەوە شاعیری گەورە کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

لە بیرم دێ سولەیمانی کە دارولمولکی بابان بوو

نە مەحکومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو

(شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دیوانی شێخ ڕەزا، ۲۰۰۳، ۸۱)

**ئەنجام**

١- مەلای گەورە و شێخ محەمەدی خاڵ لە سەر هەردوو تەوەری ئایینی و نیشتمانی نەتەوەیی هەوڵی چاکسازییان داوە.

٢- مافی ئافرەت بابەتێکی گەرمی نێو تێزەکانی ئەو دوو زانایەیە، بەبێ مەرخەسکردنی مافە زەوتکراوەکانی ئافرەت چکاسازی کۆمەڵەیەتی لە کۆمەڵی کوردیدا سەرکەوتوو نابێت.

٣- بابەتی پەروەردە باسێکی گەرمی چاکسازییە لە نێو بۆچونەکانی ئەو دوو زانایە، ئەوان وای دەبینن کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە غیابی پەروەردەدا ڕوو دەدەن، بۆیە ڕاستکردنەوەی باری لاری کۆمەڵایەتی لە پەروەردەوە دەستپێدەکات.

٤- ڕاستکردنەوەی بیری ئاینی وخوێندنەوەی هەمە لایەنەو فرە ڕەهەند بۆ چەمکە ئاینییەکان گرەنتی ڕاستکردنەوەی جۆری دینداری خەڵکی کوردستانە.

٥- بیرکردنەوە لەدەرەوەی مەزهەب و ڕێبازە جیاوازەکان، لە هەمانکاتدا سود وەرگرتن لەکەلەپووری دەوڵەمەندی ئیسلامی، ئاراستەمان دەکات بەرەو تێگەشتنێکی ڕاست و دروست بۆ دەقە شەرعییەکان.

٦- گەڕانەوە بۆ گوتاری قورئانی وەک ڕاستترین سەرچاوەی ئیسلامی و خوێندنەوەی پێشهاتەکان لە بەر تیشکی ئەو گوتارە گشتگیرەدا، هەنگاوێکی درووستە بە ئاراستەی دینداریيەکی بێ پەڵە.

٧- وەلانانی دووبەرەکی و درێژکردنی دەستی برایەتی لە نێوان تاکەکانی نیشتیماندا، خۆ بە دورگرتن لە جیاوازییە ناوچەییەکان گەرەنتی گەڕانەوەی سەروەری مێژوویيمان بۆ دەکات.

٨- خۆخۆری یەکێکە لە سیفەتە ناپەسەندەکان کە زیانی زۆری بە کیانی کورد و مسوڵمانان گەیاندووە لە مێژوودا، بۆیە گرینگە دوور لەو خووە ناپەسەندە برەو بە ڕۆحی برایەتی و پێکەوەییمان بدەین.

٩- گرینگیدان بە هەستی نیشتمان پەروەری و دڵسۆزی بۆگەل و نەتەوە دوور لە ڕەگەز پەرەستی، لە دروشمە دیارەکانی گوتاری ئەو دوو زانا کوردەن.

**سەرچاوەکان**

- ابن ماجه، أبو عبد الله محمد بن يزيد القزويني، سنن ابن ماجه،ط١، دار الرسالة العالمية، ٢٠٠٩.

- النسائ، أبو عبد الرحمن أحمد بن شعيب، السنن الكبرى،ط١،مؤسسة الرسالة، بيروت، ٢٠٠١.

- تاڵەبانی، شێخ ڕەزا، دیوانی شێخ ڕەزا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٣، هەولێر.

- جليزادة، محمد بن عبدالله، المعجزات والكرامات، مخطوط.

- جليزادة، محممد بن عبدالله، الحدس سلم الإرتقاء، مخطوط.

- خاڵ، شێخ محەمەد، تەفسیری خاڵ، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕێنوێن، ٢٠٢١، سلێمانی.

- خاڵ، شێخ محەمەد،ناڵەی دەروون، بەرگی دووەم،چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری خاڵ، ٢٠٢١، سلێمانی.

- خاڵ، شێخ محەمەد، ناڵەی دەروون، بەرگی یەکەم،چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، ٢٠١١، هەولێر.

- علاءالدین، عبدالخالق، مەلای گەورە زاناو ئەدیب و شاعیر،چاپی دووەم، ٢٠٠٩، هەولیر.

- القرداغي، محمد علي، محمد فيضي الزهاوي نبذة عن حياته وشيء من آثاره، الطبعة الأولى، دار آراس، ٢٠٠٤، أربيل.

- گورژی، مەلا حوسێن، کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیە،چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر، ٢٠٠٩، هەولێر.

- مەلای گەورە، محەمەد عبدالله، تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، چاپی یەکەم، نوسینگەی حەمدی، ٢٠٠٩، سلێمانی.

## عناصر الفكر الإصلاحي بين ملا محمد الكويي والشيخ محمد الخال

**الملخص:**

في بداية القرن العشرين تعالت أصوات الداعمة للإصلاح في مجتمع المسلمين، فهناك علماء ومنورين من البقاع المختلفة للعالم الإسلامي يدعون إلى ضرورة الإصلاح في مجال التفكير الديني والنظام الإجتماعي، والمجتمع الكردي لم يكن بعيدا عن تلك الحركة، ولم يكن علمائه غافلا عن ضرورة إحداث تغييرات جذرية في التدين ونمط الحياة السائدة في المجتمع، فقد كانا الشيخان ملا محمد الكويي والشيخ محمد الخال من دعاة الحركة الإصلاحية في المجتمع الكردي، فبذلا جهودا كبيرا بالتأليف وإلقاء الخطب، وحاولا دون تعب لإحداث تغييرات في طريقة التدين ونمط الحياة وأخذا بالبحث عن المواضيع المتعلقة بالمرأة والتربية والتعليم رجاء إحداث تغيير في تفكير الفرد الكردي وبالتالي إحراز تقدم في الثقافة الكردية تجاه تلك الملفات، فبحسب رؤيتهما لن يستطيع المجتمع الكردي أن يخطو خطوة نحو التقدم إلا بإحداث تغيرات وإصلاحات في تلك الملفات التي تمت الإشارة إليها.

**الكلمات الإفتتاحية:** (عناصر، الفكر، الإصلاح، ملا محمد، الخال)

## Elements of reformist thought between Mullah Muhammad al-Kuyi and Sheikh Muhammad al-Khal

**Abstract:**

At the beginning of the twentieth century, voices in support of reform rose in the Muslim community. There were scholars and enlighteners from different parts of the Islamic world calling for the necessity of reform in the field of religious thinking and the social system. Kurdish society was not far from that movement, and its scholars were not oblivious to the necessity of making radical changes in Religiosity and the prevailing lifestyle in society. Sheikh Mulla Muhammad al-Kuyi and Sheikh Muhammad al-Khal were advocates of the reform movement in Kurdish society. They made great efforts in writing and delivering sermons, and they tried tirelessly to bring about changes in the way of religiosity and lifestyle. They began researching topics related to women, education, and education, please. Creating a change in the thinking of the Kurdish individual and thus making progress in Kurdish culture regarding these issues, according to their vision, the Kurdish society will not be able to take a step towards progress except by bringing about changes and reforms in those files that were mentioned.

**Key words**: (Elements, reformist, Mullah Muhammad, al-Khal)

sjh@univsul.edu.iq